# سەردانی بارزانی و پرسیاری سەربەخۆیی کوردستان!

**شاخەوان شۆڕش**

لە مانگی ئۆکتۆبەری 2005 دا مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە فەرمی لەلایەن سەرۆکی ئەمەریکا بانگهێشت کرا. داوی ئەوە بینینی تۆنی بلێر لە بریتانیا و ئەنگیلا مێرکل (کانسلەری داهاتووی ئەلمانیا) لە ئەلمانیا لە دوای ئەو سەردانەدا هاتن.

ئەو بانگهێشتکردنەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەکو سەرۆک هەرێمێکی فیدرالی وڵاتی ئێراق, لەلایەن ئەمەریکاوە دانپێنانی فەرمی ئەمەریکایە بە کوردەکانی ئێراق وەکو ئەکتەرێکی گرنگی ناو هاوکێشە ڕامیاریەکە. بەو واتایە پێشتر هەوڵدراوە کێشەی کوردەکان وەکو کێشەیەکی مرۆڤانەی ناو ئێراق سەیری بکرێت و هێندە گرنگی ڕامیاری پێنەدرێ. هەمیشە دوورەپەرێزییەک لە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کێشەی کوردا هەبووە, بەڵام ئەو سەیرکردنەیان واپێدەچێت جۆرە گۆڕانێکی تێدا بووە. ئەو ڕووداوە هێما بۆ ئەوە دەکات, کێشەی کورد لەو بەشەدا قورسایی پەیدا کردووە و لەلایەن زلهێزەکانەوە گرنگی پێدەدرێت, بەڵام ئێستاش لە چوارچێوەی ستاتە سەپێندراوەکەدا.

لەباری ئێستادا بەهۆی دڵسۆزی هاوکاری کوردان, بوونی ئاسایش لە ناوچەکەیاندا و گوێڕایەڵیان بۆ پلانی ڕۆژئاوا لەلایەک, لەلایەکی دیکە ئاژاوە و ئاڵۆزی کوشندەی ناو ئێراق, هەڵسوکەوتی ناڕاشیونالانەی سوننە و هەروەها لاری شیعە بەلای ئیسلامیزمدا, واپێدەچێ وایکردووە ڕۆژئاوا چاوێک بە پۆلیتیکی "بەلاوەنانی کوردان" بخشێننەوە و بانگهێشتی ناو دیوەخانیان بکەن. ڕۆژئاوا هەمیشە لە بەر ڕۆشنایی بەرژەوەندیەکانی خۆی هەنگاوی هاویشتووە, ئەوەش هەر لەو چوارچێوەیە دایە.

ئەوەی بەفەرمی و ئاشکرا لە کۆبوونەوەکاندا بیندرا, بەشێوەیەکی سەرەکی جەختکردنەوە لەسەر سەرگرتنی پرۆسەی دروستکردنەوە و "دیموکراتیزەکردنی" ئێراق بوو. خەباتی هاوبەش دژی تیرۆر و دروستکردنی ئاسایش لە ئێراقدا بابەتی بنچینەیی بوون. بەشێوەیەکی دیکە لەو کۆبوونەوانەدا جەخت لەسەر پاراستنی یەکێتی خاکی ئێراق کرایەوە و ئەوە پیشاندرا, کەوا کوردەکان دۆستی هێزە هاوپەیمانەکانن و لەگەڵ سەقامگیرکردنی ئاسایش لە ئێراقدان. کوردەکان مافی خۆیان لە چوارچێوەی ئێراقدا بەدەست دەهێنن و گرنگیان لە هاوکێشە ڕامیاریەکاندا هەیە. هەروەها سوپاسی کورد لە هەڵوێستەکەیان و هاوکارییەکەیان بۆ ئەمەریکا و هاوپەیمانانی کرا.
لایەنێکی گرنگی ئەو ڕووداوە بۆ ڕۆژئاوا, پیشاندانی جۆرە سەرکەوتنێک بە خەڵکی وڵاتەکانیان بوو (کە ئێستا لە هەمووکات زیاتر لێیان بە گلەیی و دڕدۆنگن). لای ئەوان گرنگ بوو بە دانیشتوانی وڵاتەکانیان پیشان بدەن, کەوا لایەنگری پرۆسەی دروستکردنەوەی ئێراق لەناو ئێراقیەکاندا بە بەڵگە هەیە و ئەنجامی سەرکەوتنەکەش بە بەڵگە هەیە.

ئەو کۆبوونەوانە لەگەڵ سێ زلهێزی جیهان و لەو کاتە ناسکەی ئێراقی پێدا تێدەپەڕێت, لەکاتێکدا گەلێ لایەن بەهۆی بوونی ئاژاوە و کێشەی زۆر, لە دروستکردنەوەی ئێراق و سەقامگیرکردنی ئاسایش تێیدا هیوابڕاو بووینە, گەلێ لێکدانەوەی جۆراوجۆریان دروست کردووە.

یەکێ لەوانە لێکدانەوەی هەوڵی دروستکردنی ستاتی سەربەخۆی کوردستانە. بەپێی هەندێ سەرچاوە گوایە لە کۆبوونەوەکەی ئەنگیلا مێرکل و مەسعود بارزانی شتێکی لەو شێوەیە درکێندراوە و گوایە ئەنگیلا مێرکل گوتوویەتی ئەوان ئامادەن پشتگیری سەربەخۆیی باشوری کوردستان بکەن[1]. ئەوە چەندی ڕاستە "کەس نازانێ". لە کۆبوونەوەکانی دیکەدا لەپشتی دەرگا داخراوەکاندا, چی گوتراوە "کەس نازانێ". گومان لەوەدا نییە گەلێجار ئەوەی بە فەرمی دەگوترێت, جودایە لەوەی لە پشتی دەرگا داخراوەکاندا گوتراوە. ڕەنگە شتی لەو جۆرە گوترابێت, ڕەنگە نەشگوترابێت.

**ئەوەی لێرەدا وەکو دەیان جاری دیکە خۆی دووبارە دەکاتەوە, یەکەم: مەترسی دوژمنانی کورد لە دروستکردنی ستاتی سەربەخۆی کوردستان. دوژمنانی کورد هەر دەستدرێژکردنێکی دەرەوە یا رۆژئاوا بە پشتگیری کوردان و دروستکردنی سەربەخۆیی کوردستان تاوانبار دەکەن. ئەوان لەو ڕوانگەیەوە پروپاگەندەی خۆیان دەکەن, دیارە مەبەستیان ئەوەیە ترس و ئەنجامی کارەساتئامێزی کارێکی ئەوها بەبیربهێننەوە.**
**دووەم: بەشێ لە خەڵکی کوردستان گەشبینانە یا خۆشباوەڕانە لەو جۆرە کۆبوونەوانە و مەبەستی ڕۆژئاوا لەگەل سەرکردایەتی کورد, دەڕوانن. زۆرجار جولانی یا گۆڕانی ئاسایی پۆزەتیڤ بە هێما بۆ دروستکردنی ستاتی سەربەخۆی کوردستان لێکدەدەنەوە.**

**ئەگەر ئێمە لێکدانەوە و پێشبینی بۆ ئەگێندەی کۆبوونەوەیەکی داخراو کە نازانین چی تێدا گوتراوە بکەین, ئەوا خۆمان بەشتێکەوە خەریک دەکەین کە نازانین ڕاستە یا نا, بوونی هەیە یا نییە. هەرچی بلێین و پێشبینی بکەین گۆتەیەکن لە چوارچێوەی ڕوانگەی تایبەتەوە هەلدەقۆلێن. هەرچی گریمان بکەین, هیچ پشتگیریەکی کۆنکریتی نییە و ناتوانرێ وەکو فاکت سەیری بکرێت. ئەوە لەڕاستیدا گریمان, لێکدانەوە, پێشبینی و تێروانینی تایبەتە لە دیاردەیەکی نادیار. ئەوجا ئەگەر بێتوو لەسەر ئەو بنچینە ئەگەرئامێز و نادیار و ناکۆنکریتیە ئەنجام بدەینە دەست, ئەوە بەئەگەری زۆر, لە ئەنجامی ناکۆنکریتی و ناڕیالیستی زیاتر بەدەست ناهێنین. چاکتروایە خەڵک هێندە خولیای کار و گۆتە نادیارەکان نەبن, هێندەی بە چاوی ڕەخنە و هوشیاریەوە لە دیاردە دیار و ئاشکراکان بڕوانن.**

**بەکورتی ئەوەی بەفەرمی و ئاشکرا دیترا بێگومان تێبینی تایبەت بەخۆی هەلدەگرێت. وەکو بە فەرمی گوترا, سەقامگیرکردنی ئاسایشی ئێراق و دروستکردنەوەی ئێراق بابەتی بنچینەیی و سەرەکی بوون. ئەوەش لە ووتەی هەموویاندا بە ئاشکرا دیار بوو. ئەمەریکا و بریتانیا پێویستیان بە یارمەتی کورد لەو تەنگژە ئێراقیەی ئێستا تێی کەوتون, هەیە. کوردیش لە بەرامبەری پارێزگاری دەسەڵاتە ناوچەییەکەی ئامادیی یارمەتی ئەوانی هەیە.**

**مەسعود بارزانی لە ووتەکانیدا ئەوەی دووپات کردەوە کە ئەوان هەولێ سەقامگیرکردنی ئاسایشی ئێراق دەدەن و شێلگیرانە بەرەنگاری تیرۆر دەبنەوە[2]. سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستانیش, ئەو وەکو دەیان جاری دیکە دەلێ: "کورد ئەو مافەی هەیە, بەڵام ئەوە دروشمی ئێمە نییە". ئەو بەگوێرەی ئەو چاوپێکەوتنەی شەرقولئەوسەت دووپاتی ئێراقی بوونی خۆی و شارەکانی کوردستان دەکاتەوە و بە ڕاشکاوی دەڵێت ئێمە نامانەوێ شاری کەرکوک ببێتە شارێکی کوردی[3]. ئەو لە وتارەکەی کە بۆ واشینتۆن پۆستی نوسیوە, دەڵێت ئێمە جوداخواز نەبووین و بە ئارەزووی خۆمان چوینەتەوە ئێراق[4]. ئەوەی لەو وتانە دەخوێندرێتەوە پێداگرتنە لەسەر ئێراقچیەتی و دەکرێ بە ئێراقچیەتیەکی تۆختر لە جاران سەیر بکرێت.**

---

[1] New German Chancellor supports independent Kurdistan11/4/2005 KurdishMedia.com

[2] سەرۆکی کوردستان: هەرێمی کوردستان ناوەندێکە بۆ پەخش و بڵاوکردنەوەی ژیانی ئازادی و دیموکراتی، پێگەیەکی قایمیشە بۆ دژە تیرۆر, پەیامنێر, [Oct 2005 29 , 10:39]

[3] سەرۆکی کوردستان: داوای سەربەخۆیی تاوان نییە, پەیامنێر, [Nov 2005 07 , 13:55]

[4] A Kurdish Vision of Iraq, By Massoud Barzani, Washington Post Wednesday, October 26, 2005; Page A19, *KurdistanObserver.com*